ئاسۆ بیارەیی
2005-5-10 سوێد

# ڕێک کەوتوین کە ڕێک نەکەوین



ئێمە دەمێکە ڕێک کەوتوین لە سەر ئەوەی کە ڕێک نەکەوین، کێ دەڵێت دانولەمان پێکەوە ناکولێت؟ کێ دەڵێت تەبانین؟ئێمە سیر و پیازمان پێکەوە لە سەر سفرەی یەک خاکدا خواردوە، ئەی ئەوە نییە خەریکی خەباتی گلوبالیزمین، خێڵەکانی نیشتمان، لە خۆمان کۆدەکەینەوە، هاوینەر هەوارەکانمان دابەشکردووە. کوا گرێ کویرە لە نێوان ئێمەدا هەیە؟ **ئازاد جوندیانی: هەندێک لە گرێ کوێرەکان کراونەتەوە* پەیامنێر** [May 2005 11 , 10:48].

ئێمە هەرگیز ڕقمان لە یەکدی نەبووە، ئەی ئەوە نییە کە دەگەینە یەک، پێکەنین بوارمان نادات قسەبکەین، ئێمە ئامۆزای یەک هەوارین، دەردی دووری، زمانی تێک داوین. ئێمە ڕۆژانانمان بوەتە ژوانی ئاشتی و عەردێکی کوردستان بەدوو پارچە، قەیدی چییە؟ لە یەک باخیشدا، چەند جۆرێک مێوە هەیە.

ئێمە دیموکراتیمان، لە کانەی چاودا پاراستوە، کوانێ چەپکە گوڵی دەستمان یەک ڕەنگە؟ تەنانەت گوڵە سونی و شیعەشمان چاندوە، وا بەتەماین لە داهاتوێکی نزیکدا، دڕکی تکریتش، بۆ تەیمانی سنوورمان بهێنینەوە.

ئێمە چل ساڵە زیاتر، گەمەی( تۆم و جیری)*، لە کێوەکانی کوردستان، ڕاکە ڕاکە و چاوشارکێ، بە یەکتر دەکەین.
کێن ئەوانەی، کە دەڵێن ئێمە سەرناکەوین بە سەر ناکۆکیدا؟ ئێمە وەکو ووشەی پێک هاتن، کۆکین، تەنها تۆزقاڵێکمان ماوە. چیبکەین، هەندێ جار هەڵەی تەکنیکی مرازەکانمان پوچەڵ دەکاتەوە، ئێ خۆ دوعای شیخیش هەروایە، هەندێ جار بەتاڵ دەبێتەوە. **یەکێتی و پارتی لە ڕێککەوتنی کۆتایی دەربارەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم نزیک بوونەتەوە**[17:55 , 11 May 2005

گرنگ ئەوەیە ئازادین، گرنگ ئەوەیە، ئێمە سورین لە سەر یەک گرتن، هەرچەندە سور باوی نەماوە.
گرنگ ئەوەیە زۆر لە یەکتر نزیکین.
بژی دیموکراتی و یەک گرتن! با کاتیش بەرێت.

-------------------------------

تۆم و جیری: بەرنامەی منداڵانە، مشک و پشیلەکە